# گەشەسەندنی کلتوری و بەرپرسیارێتی خوێندنەوەیەکی سیاسەتی کلتوری لە خوارەوە و ڕەچەڵەکناسی "هەرچی کوردییە باشە"

**کاوە دەستورە**

بەشی فەلسەفە و توێژینەوەی کولتووری، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

## پوختە

ئەم دێڕانەی خوارەوە لە هەوڵدایە خۆی لەسەر پرسیارێک ساخ بکاتەوە کە هەم پرسیارێکی زانیناسانەیە و هەمیش بە چۆنێتیی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگایەکەوە گرێدراوە. زۆر دەگوترێت کە کۆمەڵگای کوردی لە باشووری کوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە گەشەیەکی ئەوتۆی کلتوریی نەبینیوە. ئەگەر بە ئەرێنی وەڵامی ئەم گریمانەیە بدەینەوە، دەبێت دەستبەجێ لە خۆمان بپرسین ئەم گەشەنەسەندنە لە کوێوە دێت؟ هۆکار چییە؟ دەکرێت هەلومەرجی نالەباری سیاسی، بەتایبەت ڕۆڵی بەرپرسانی سیاسی هۆکار بێت بۆ ئەم گرفتە؟ یان دەبێت بگوترێت کە ئەوە زۆرتر کەمکاریی ئەهلی کلتورە کە ئەم دۆخەی ڕەخساندووە؟ لەم توێژینەوەدا، ئێمە خۆمان لەم هەڵوێست نواندنە بەدووردەگرین و هەوڵدەدەین نیشانی بدەین کە هەردوو دامەزراوەی سیاسی و کلتوری هاوبەشن لە گەشەسەندنی زانینێک کە ئێمە بە هۆکاری گەورەی گەشەنەسەندنی کلتوری لە باشوری کوردستان دەژمێرین. جۆرێتی گەشەسەندنی گوتارێک بە شێوەی مێژوویی لای ئێمە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە بۆ ئەم پرسە کە ناوی گوتاری " ترۆمای سڕانەوە و گوتاری مانەوەی" لێ دەنێین. پاڵپشت بە مێتۆدی ئاوێتەی گەشەسەندنی مێژوویی و ئەپیستێمۆلۆژیای پەیڕەوکارانە، سەرەتا ئەم هەوڵە بە پێناسەی کلتوردا تێدەپەڕێت. دواتر بە شیکردنەوەی ئەم گوتارە، ڕەچەڵەکناسییەک دەکرێت بۆ چەمکی "هەرچی کوردییە باشە".

**وشە سەرەکییەکان:** کلتور، ئەپیستێمۆلۆژیای پەیڕەوکارانە، گەشەسەندنی مێژوویی، سڕانەوە، ڕەچەڵەکناسی.

## پێشەکی

لەم نوسینەی بەردەستدا خۆمان لەسەر ئەم پرسیارە ساخ دەکەینەوە کە بۆچی ڕوو و ڕەهەندە کلتورییەکان لە کوردستان لە دوای بەدیهاتنی ئەزمونی سیاسیی 'هەرێمی کوردستان' لە باشور گەشەیەکی ئەوتۆ ناسێنن و تەنانەت لە هەندێ ڕوویشەوە پاشەکشێ دەکەن؟ ئەگەر مەبەست لە کلتور هەموو ڕووە زانین و پراکتیکی کۆمەڵگایەک بێت، لەم سۆنگەوە، لە هەموو بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، پەروەردەییەکاندا گەشەیەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. لە سیاسەتدا بەشداریی سیاسی وەک کلتور پاشەکشە دەکات. لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکانەوە دابڕان و پەرتەوازەیی بە هەموو خێزان و یەکەیەکی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. لە ئابووریدا کلتوری بەرخۆری گەشە دەسێنێت. لە پەروەردەدا ئاستی خوێندن لە هەموو بوارەکاندا دادەبەزێت.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٦ شوبات ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٠ ئازار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٠ شوبات ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە
ئیمەیڵی توێژەر: kaveh.husain@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ کاوە دەستوورە، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

لە ناو بەرهەمە کلتورییەکاندا کۆمەڵگای کوردی یان لە بەرهەمە کۆنەکانی سەدەی پێشوو دەخوات یان پەنا دەباتە بەر بەرهەمی کلتوری ناکوردی؛ وەک ئەوەی کە لە مۆسیقای کوردیدا هەیە و ڕوو دەدات. بۆیە پرسیارەکە بە گشتی ڕووی لەم ئەزمونەیە بە هەموو بوارەکانییەوە. یانی چۆن کۆی ئەم ئەزمونانە بە خەملاندنی نووسەر گەشەیەکی ئەوتۆ بەخۆوە نابینن؟ بۆیە لێرە پێویست بە ڕوانگەیەکی مێژوویی دەکات بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گشتییە فرەبینە.

بەڵام ئەم پرسیارە لەڕویەکی دیکەیشەوە گرنگە: کێ هۆکاری ئەم گەشەنەسەندنەیە؟ ئایا بێئەزمونیی بەڕێوەبەرانی سیاسی هۆکارە بۆ ئەم گەشەنەسەندنە؟ دەکرێت ئەهلی کلتور (شاعیر، ئەدیب، میوزیککار، هونەرمەند، نووسەر، مامۆستا وهتد.) بە گشتی وەک هۆکار بژمێردرێت بۆ ئەم پاشەکشێیە؟ یان ئەوە تەنها لە گەشەسەندنی درەنگخایەنی کۆمەڵگای کوردیدایە کە هۆکار بووە بۆ ئەم گرفتە؟ ئەم پرسیارە دەمانگەیەنێت بە خاڵێک کە خاڵی پێکدادانە لەگەڵ پرسیاری پێشوو. وەک گریمانەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە، ئێمە پێمانوایە کە پرسیاری دروست لەوەدا نییە کە کێ هۆکاری ئەم پاشەکشێیە بووە. پرسیاری دروست لای ئێمە لەوەدایە کە کام توخمی زانیناسی (مەعریفی) لە کۆنەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا باو بووە، کە ئێستا جێدەستی بە سیمای ئەم کۆمەڵگایەوە دیارە؟ بۆیە وەڵامی پرسیاری سەرەوە لە لایەک بە پرسیار بە مێژوودا تێدەپەڕێت، لە لایەکی دیکەیش تێڕامانە لەسەر ئەو ڕووە زانینییەی کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp74-81

ئێستای لێ دورست بووە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پێویست بە میتۆدێکی ئاوێتە دەکات تاکو بتوانرێت لە پێکدادانیان وەڵامێکی شیاو بۆ ئەم پرسیارە بیینرێتەوە.

شیکردنەوەی ئەم پرسیارە لەم توێژینەوەیەدا بە چەند قۆناغدا تێدەپەڕێت. سەرەتا، هەوڵدەدرێت بە ئاماژەدانێکی خێرای میتودۆلۆژی، دوو میتۆدی ئێپیستیمۆلۆژیای پەیرەوکارانە و گەشەسەندنی مێژوویی بخرێنەڕوو. بەکارهێنانی هەردوو میتۆدەکە پێویستە، چونکە یەکێکیان (ئێپیستیمۆلۆژیای پەیرەوکارانە) رووە زانینیەکانی گوتاری ئێستای کلتوری کوردی نیشاندەدات. ئەوی دیکەیشیان (گەشەسەندنی مێژوویی) شێوازی گەشەسەندنی ئەم گوتارە و پەیوەندیی ئێستا و ڕابردوو نیشاندەدات. دواتر، هەوڵدەدرێت ڕوانینی ئێمە بۆ کلتور نیشانبدرێت لەناو بۆچونە جیاوازەکاندا؛ ئایا کلتور دەبێت وەک بوارێکی تایبەت سەیر بکرێت یان بوارێکی فرەڕەهەند؟ لە قۆناغی سێیەمدا، هەوڵ دەدرێت ڕەچەڵەکناسییەکی گوتاری کلتوری کوردیی ئێستا بکرێت، لە ژێر ناوی گوتاری "هەرچی کوردییە، باشە" وەک وەڵامێک بۆ پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە.

لەرووی پێشینەی توێژینەوە، لە هیچ گۆڤار و نوسینێکی ئاکادیمیک بابەتێکمان دەست نەکەوتووە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژە بێت بەم پرسیارەی ئێمە. لە دونیای نائاکادیمیکدا، نوسین زۆرن و لە زۆربەی کاتەکاندا هەوڵدراوە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی گەشەنەسەندنی کلتوری و بێئەزمونیی بەڕێوەبەران نیشانبدرێت. لەم جۆرە نوسینانە، زۆربەی کاتەکان، کۆی بەرپرسیارێتییەکان لەسەر شانی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی سیاسیە. ئێمە هەوڵمان ئەوە بووە کە خۆ لەم جۆرە نوسینانە بەدوور بگرین. بەڵام جێگای ئاماژەیە هیچ ئامارێک بەردەست نییە؛ لەسەر سایتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان تەنها ڕووپێوییەک هەیە لەسەر هەرزەکار. موستەفا فاتیح فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و لاوانی سلێمانی ئەمەی پشتڕاستکردەوە و ئاماژەی بەوە دا، کە هیچ ئامارێک لەبەردەست نییە؛ تەنها شتێک کە لەبەردەستە مامەڵەی هاوولاتیانە وەک ئارشیف، کە ئەمەیش لەبەر پاراستنی تایبەتمەندیی تاکەکەسی ناخرێتە بەردەست ڕای گشتی. کۆی ئەو شتانەی کە ئێمە دەتوانین وەک بەڵگە بەکاریان بهێنین وەک بەڵگەی ئەم گەشەنەسەندنە کلتوریە تەنها شایەدیی هەندێ چالاکی بوارەکە و ئەهلی کلتورە. بۆ نمونە لە هەرێمی کوردستان هیچ گۆڤارێک و ڕۆژنامەیەکی ئەهلی ناحیزبی نەماوە کە لە ساڵی ٢٠١٤ بەملاوە ڕۆژانە، حەفتانە یان مانگانە بلاو بێتەوە. تەنها چەند سایت ماوە کە کاریان بە زۆری کورت بووەتەوە لە سەر کاری ڕاگەیاندنی هەواڵ؛ ئەمە تێبینی تارق فاتیح خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری دەزگای هاوولاتییە. ڕەوەز حەمە ساڵح بەڕێوەبەری دەزگای غەزەلنووس و هەژار مەجید بەڕێوەبەری دەزگای ئەندێشە، کە لە بواری پەرتووکدا چالاکن، جەخت دەکەنەوە کە ئەو چالاکییە کلتوریانەی ماون لەبەر کەمی و لاوازییەکەیان ژیانی تاکە کەسێکیشیان پێ دابین ناکرێت. ژمارەی پەرتووکەکان زیادی کردووە؛ بەڵام فرۆشتنەکان یەکجار لاواز بوون. هەژار مەجید دەڵێت ئێستا لەبەر زۆریی گرفتی پارەی کۆگا، پەرتووکەکانیان هەرزانفرۆش دەکەن. ڕەوز حەمە ساڵح دەڵێت لەبەر لاوازیی پەرتووکی باش سینەمایەکیان داناوە، بەڵام داهاتی ئەویش ئەوەندە نییە. ئێستا لە شاری سلێمانی تەنها دوو سینەما چالاک ماوە. موحەممەد حەسەن فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیری هەموو ئەمانە پشتڕاستدەکاتەوە و ئاماژە دەدات کە لەم ساڵانەدا دیاردەیەک باو بووە؛ نوسەران بۆ خۆیان پەرتووکەکانیان چاپ دەکەن و لەبەر بێبازاڕی هەر خۆیان دەیبەخشن بە ئەهلی کلتور[i].

## ١- دوو میتۆدی ئاوێتە

کۆی ئەم نوسینە لە بنەماکانی میتۆدی ئاوێتە[1] کەڵک وەردەگرێت. لەم نوسینەدا ئەم میتۆدە لە لایەک لەسەر بنەماکانی ئێپیستیمۆلۆژیای پەیرەوکارانە[2] دەوەستێتەوە و لە لایەکی دیکەیش لە میتۆدی گەشەسەندنی مێژوویی[3] بەهرە دەبات. ئێپیستیمۆلۆژیای پەیرەوکارانە خاڵی پێکدادانی ئێپیسیتمۆلۆژیا و فەلسەفەی پەیرەوکارانەیە. ئێپیسیتمۆلۆژیا یەک لە بوارە کلاسیکەکانی فەلسەفەیە لەگەڵ ڕەوشت، میتافیزیک و لۆژیک. بەڵام وەک ڕەوشت بوارێکی نۆرماتیفیە[4]؛ یانی ئێپیسیتمۆلۆژیا تەنها کار لەسەر ئەوە ناکات کە شتەکان چۆنن، بەڵکو شتەکان دەبێت چۆنیش بن. بۆ نموونە لە ئێپیسیتمۆلۆژیادا هەم پرسی بەدەستهێنانی زانینی گرنگە بەو شێوەی کە هەیە، بەڵام ئەم پرسەیش گرنگە کە چۆن دەبێت زانینێک بیینرێتەوە؛ یانی لە زانیندا چی پاساودراوە[5] (کۆدای، ٢٠١٧، ٥١). دەکرێت هەڵێکی لەباری کۆمەڵایەتی ڕەخسێنەری ئیمکانی سەرهەڵدانی زانینێک بێت، یان زانینێک لەم دۆخەدا پشتگوێ بخرێت. بۆ نموونە لێرە دواتر دەبینین کە لۆژیکی ژمارە و قەبارە دەبێتە ڕەخسێنەری دۆخێک لە کلتور کە تێیدا ناوەڕۆک دەچێتە ریزبەندی دووەم؛ بەڵام پێش ئەمە ژمارەکانن کە گرنگی پەیدا دەکەن. ئەم لۆژیکی ژمارە بۆ خۆی لە بونیادێکی ئێپیستیمەی کوردییەوە دێت کە بەرهەمی ساڵانی قورسی سیاسی ٧٠ و ٨٠ی زایینییە. ئەم ئێپیستیمەیە بریتیە لەو تێگەیشتنەی کە کورد لە سڕانەوەدایە. هەندێک جار ئەم جۆرە توێژینەوانە لەژێر ناوی ئێپیستیمۆلۆژیای کۆمەڵایەتیدا[6] پۆلێنبەندی دەکرێن، بەڵام هەرچی بێت ناو ئەوەندە گرنگ نییە و دژایەتییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو ناوەدا نییە. هەرچی هەیە و گرنگە، جەختکردنەوە لە ڕووە کۆمەڵایەتییەکانی زانینەکەیە. بەتایبەت چۆن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان لەسەر چۆنێتیی بەدەستهاتنی زانینێک هەیە (پێشوو، ٥٢). کۆدای لەسەر ئەم بنەمایانە و بە پشتبەستن بە پەرتوکی "*ڕاستی، هەڵە و یاسای تاوانناسی*[7]" لاری لۆدان[8] بەم شێوە ئەم بوارە پێناسە دەکات: "توێژینەوەیە لەسەر مەرجەکانی سیستەمی بینینەوەی زانین، بەتایبەت ئەوکاتەی سیستەمێک بانگەشەی کۆنجکۆڵی ڕاستیەک دەکات؛ پرسیار لەسەر ئەوە چڕ دەبێتەوە کە ئایا ئەم کۆنجکۆڵییە دەمانگەیەنێت بە باوەڕی ڕاست دەربارەی جیهان؟" (پێشوو، ٥٤). بۆیە ئێپیستیمۆلۆژیای پەیرەوکارانە لە زانینە فەرمییەکاندا هەم سەرنجی خۆی دەخاتە سەر بەهاکان (ڕاستییەکان) و هەمیش سەر نۆرمەکان (چۆنێتیی پەیرەوکردنی بەڵگەداری) (کۆدای، ٢٠١٢، ١٩). بەڵام مەبەست لە باوەڕی ڕاست، باوەڕی ڕەها نییە بەو جۆرەی کە ڕیچارد تایلۆر (١٩٨٩،

[1]. Mixed method
[2]. Applied Epistemology
[3]. Historical Development
[4]. Normative
[5]. Justified
[6]. social epistemology
[7]. *Truth, Error, and Criminal Law: An Essay in Legal Epistemology*
[8]. Larry Laudan,

٢٤٠) ئاماژەی پێداوە، هزری ئەمڕۆژیمان پێویستە خۆی لە داوی ئایدیال[9]بوون بهێنەتە دەر، جا لە ژێر هەر ناوێک بێت؛ مەبەست ئایدیالی ئێپیستێمۆلۆژی یان ڕادیکاڵیەتی بونیادخوازی ئۆتۆپیاییە، بۆ ئەوەی جێگایەک بۆ فرەچەشنیی واقعی بەها و بەرژەوەندییەکان بکرێتەوە، ئەو شتەی کە ئێمە بە قووڵی باوەڕمان پێیەتی. هەروەها کە نەسازان[10]، لای ئێمە، بنەمایەکی گەردونیی نییە، سازانیش ناتوانێت بە گەردونی دەرکەوێت[ii]. لەم توێژینەوەدا ئەم ڕووە گرنگە، چونکە لە ڕێگایەوە دەستنیشانکردنی زانین[11] گەشەسەندنی کلتوری یان پێچەوانەکەی فەراهەم دەبێت. هەر لێرەدایە کە ئێمەیش ئومێدمان بەم جۆرە شیکارییە خۆش دەبێت؛ ئامانج نیشاندانی چۆنێتیی ڕەوتێکی هەڵەیە، بەڵام هەر لە ڕێگای ئەم شیکارییەوە نیشانیش دەدرێت کە چی پشتگوێ خراوە و چی دەبێت بهێنرێتەوە پێشەوە؛ لێرەدا ناوەرۆکی بەرهەمی کلتوری، ڕۆڵی ئەم بنەما پەیڕەوکارانە دەگێڕێت بۆ ئێمە.

بەڵام لەلایەکی دیکەیش ئەم خاڵانەی سەرەوە لەگەڵ ڕوانگەی گەشەی مێژوویی بۆ ڕووداوەکان یەک دەگرنەوە. یانی وەڵامی ئێمە بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی سەرەوە، بە مێژوودا تێدەپەڕێت. لای ئێمە، وەڵامی ئەم پرسیارانە بە گەڕانەوە بە مێژوودا مومکین دەبێت، یانی چۆن بەها یان نۆرمێک لەسەردەمێکدا ئیمکانی گەشەسەندن پەیدا دەکات، یان بە پێچەوانەکەی. مێژوو هیچ شتێک نییە بۆ ئێمە جگە لەوەی کە ئامرازێک بێت بۆ توێژینەوە لەو کلتورەی کە بە شێوەیەکی 'مێژوویی' و بە پێی تێپەڕبوونی کات دروستبووە. ئەوە لە کلتوردایە کە گوتار بە شێوەیەکی مێژوویی کەڵەکە دەبێت. کەواتە مێژوو، دەرەنجامی ئەو هەوڵەیە کە لێکۆڵەر دروستی دەکات لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا (فوکۆ، ١٩٨٤، ١١). هەوڵی ئێمە لێرەدا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شتەیە کە لە هەموو کات زیاتر لە ئێستادا دووپات و چەندپات دەبێتەوە. مێژوو لە ژێر ناوی بنەما کلتوری و کۆمەڵایەتیەکان دەبێتە پرسیار، نە بۆ وێناکردنێکی گشتی لە کۆمەڵگا یان مێژوو، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەمایانەی کە بونیادنەری کلتوری ئەمڕۆژی کۆمەڵگای کوردین. لەم چەشنە لە مێژووزانین، گەڕانەوە بۆ مێژوو بێمانایە، مێژوو مۆدێلی دروستکردنەوە نییە، بەڵکو ئامانج پەیداکردنی ئەو توخمە گوتاریانەیە کە هێشتا لە کۆمەڵگادا هەن، یان زەقکردنەوەی ئەو توخمانەی کە پەراوێز خراون(فوکۆ، ٢٠٠٢، ١٤٦٠)؛ لەم حاڵەتەی ئێمەدا ئەوە ناوەرۆکی بەرهەمی کلتورییە کە پشتگوێ خراوە، ئەوەیش ژمارەیە کە پێگەی گرنگی پەیدا کردووە. شێوازە مێژووییە جۆراوجۆرەکان ڕێنوێنی ژیانی ئەمڕۆمان نین و ناتوانن بن؛ ئەوەی مەبەستە، دەستنیشانکردنی ئەم دووپاتیە مێژووییە کە هێشتا هەر تێیداین؛ ئامانج گۆڕینی ئەو ڕەوتەیە بەرەو ڕەوتێکی تازە. لێرە، مێژوو تەنها سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری و مەعریفەیە نە بوارێک بۆ دۆزینەوەی یاسایەکی گشتی (پوپێر، ١٩٥٧، ١٥٢).

'ئێستایش' بە مانای پێداگری لە بێزەمانی، گەردونی بوون و هەردەمێتی نییە بە پشت بەستن بە هەندێ پرەنسیپی گشتی بۆ شیکاری گۆڕان و داینامیکە مێژووییەکان. مێژوونوس لە ڕۆڵی پێغەمبەردا خۆی نابینێتەوە تاکو تێگەیشتنی بکەرانەی نامێژوویی زەق بکرێتەوە. لەڕوی زانینناسییەوە، ڕاڤەی ئەپریۆریانە بەسەر دیاردە مێژووییەکاندا فەرز ناکرێت، جا چ بە شێوەی ئێستاویستیانە بێت کە ڕابردوو و ئێستا لێک بشوبهێنرێت، یان بە شێوەی مێژوویستییانە کە مێژوو و ئێستا لێک جودا دەکاتەوە(فوکۆ، ٢٠٠٨، ٦). ئەم ڕوانگەیە وەک سەنتێزێک بۆ ئێستاویستی[iii] مێژوو لە ژێر ڕوناکیی ئێستادا نانوسرێتەوە. مێژوو بە دەستپێک لە کێشە یان خاڵێکی سەردەمەوە دەنوسرێتەوە. ئەمە بە واتای کێشەئامێزکردنە؛ ئەم خاڵی دەسپێک یا سەردەمە لێرەدا بۆ ئێمە پرسی گەشەنەسەندنی کلتوری کۆمەڵگایەکە. مێژوونوسینەوە بۆ خۆ دوورخستنەوە لە ئێستا و ڕەخنەگرتنە لە ئێستا، بۆ ڕێگانەدان بە بەردەوامبوونی مێژوو لە ئێستادا. جا هەرچەند بۆ ئەم مەبەستە مێژوونوسینەوە بە باشترین ڕێگا دەژمێردرێت، بەڵام مێژوونوسیش تەنها ڕێگا نییە(فوکۆ، ١٩٧١، ٣٨١-٣٨٣). دەکرێت هەمان کەڵکیش لە توێژینەوەی بەراوردکارانە وەربگیرێت، بەڵام لەڕاستیدا بۆ ئێمە گەڕانەوە بۆ مێژوو هەر باشترین بژاردە دەنوێنێت؛ گرفت و کێشەی ئێستا دەخرێتە گەڕ بۆ زەقکردنەوەی باس و بابەتەکانی سەردەم، بەڵام بە ڕۆچوون بە مێژوویەکدا کە پەیوەندیی بە ئێستاوە بێت.

ئەم پەیوەندییە لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت، بەردەوامی و نابەردەوامی. بەردەوامیی مێژوو و ئێستا بۆ دەسنیشانکردنی ئەو هێڵ و دەمارانەیە کە پەیوەستە بە گرفتی هەنووکەییەوە؛ بۆ ئەوەیە کە بزانین لە کەیەوە بەم شێوەی ئێستایین. نابەردەوامییش بۆ بینینەوەی خودە وەک تاک، کلتور و کۆمەڵگا، کە چۆن گۆڕانگاری بەسەردا هاتووە. نابەردەوامی بۆ ئەوەیە کە بزانین هەموو شتێک سروشتی نییە؛ پێشتر شتەکان بە شێوەیەک بووە، ئێستا بە شێوەیەکە و دەکرێت لە داهاتوودا بە شێوەیەکی دیکە بێت. بەردەوامی و نابەردەوامی لە هەردوو ڕووەوە دەتوانن ڕەخنەیی بن، چونکە پێش هەموو شتێک شێوازی بەکارهێنانیان گرنگە. دواتر، ئەگەر توێژینەوەیەکی مێژوویی بسەلمێنێت ئێمە لە چ ڕوویەکەوە خۆمان دووپات دەکەینەوە، کارێکی ڕەخنەگرانەیە. لەڕویەکی دیکەیشەوە، ئەگەر نیشان بدرێت لە چ زەمەنێکەوە لە ڕابردوویەک دابڕاوین، هەر ڕەخنەکارانەیە (فوکۆ، ٢٠٠١، ٦١٤). تێگەیشتنێکی ڕەخنەییانە لە دۆخی ئێستادا بە هەردووباردا گونجاوە. ڕەخنەیی بە مانای هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕوانگە و بۆچونێکی نائاشنا بۆ کێشەکانە. ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە مێژوو، ئەرکێکی سیاسی/ڕەوشتی دەخاتە سەرشانی مێژووکار. لەڕوی زانینناسی، ئەوە ئیمکانی هەیە کە ئێستا هەم لە ڕابردوو بچێت و هەم جیاوازیش بێت لێی. لەڕوی مێتۆدۆلۆژیەوە هەردوو بەردەوامی و نابەردەوامی مومکینە لەناو مێژوودا و ڕێگە دەدات بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی لە سەر مێکانیزمەکانی زێدە/مێژوویی وەک هۆکار، هێڵ و بازنە[12]. لەڕوی فێرکاری، ڕاڤەی جۆراوجۆر لە شتەکان لواوە هەم بۆ ڕابردوو و هەم بۆ ئێستا. لەم ڕوانگەیەوە ئیمکانێک لە فرەچەشنیی کات، بە ئاراستەی جیاوازەوە هەیە. پەیوەندیی ئێستا و ڕابردوو، تاکڕەهەندی نییە، بەڵکو ڕەهەندگەلی فراوان پەیوەندیی جیاواز دەخوازن. ئەوکاتەی کە بەردەوامی دەبینرێت، ئاماژەیە بە ئامادەیی دیاردەیەک لە ڕابردوو و ئێستادا. ئەو کاتەی نابەردەوامی دەبینرێت دەتوانرێت بەهایەکی مرۆڤناسی بە توێژینەوەی مێژوویی بدرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە ئێستا و پشتڕاستکردنەوەی ئەو بیرۆکەی کە ئێستامان لە ڕابردوومان[iv] باشتر نییە.

قۆناغبەندیی وەک بەردەوامی و نابەردەوامی لە دڵی ئەم ڕوانگەدایە بۆ ئێستا. ڕوانگەی ئێستاویستی ئیمکانی تێڕامان دەدات لە سەر ئەو کەماسیانە، ئەو کاتەی ئیمکانی بیرکردنەوە هەیە، یانی ئیمکانی ئەزمونکردنی بیری ڕەخنەگرانە. بۆیە ئەم نوسینە بەرلەوەی گازندە بێت لە ڕابردوو، گازندەیە لە ئێستا، کە هەر وەک ڕابردوو دووپاتدەبێتەوە. بۆ ئێمە، ئامانج لە نوسینی ڕابردوو، کۆتاییهێنانە بە ڕابردوو. وەک نیچە و فوکۆ، و بیرمەندانی دیکە فێریان کردووین، گەڕانەوە بۆ هەر سەردەمێک (بۆ ئەوان یۆنانی کۆن و سەردەمی هێلینی) و ئاماژە بە بەهاکانیان بێمانا دەنوێنن، ئەگەر لەبەر هیچ و خۆڕایی توێژینەوەیان

9. Ideal

10 Disagreement

11 Knowledge

12 causality, linearity, or circularity;

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp74-81

لەسەر بکرێت، مەگەر ئەوەی کە وەک شتی "لەدەرەوەی کات" دابنرێن تاکو لە ڕێگایانەوە شتێک دژی سەردەمی خودی لێ هەڵبهێنجرێت؛ "بەو مانایە، هەڵوێست وەرگرتن دژی سەردەمی خۆمان، کارکردن لەسەر کاتی خۆمان، و دواتریش، با هیوا بخوازیین، لە قازانجی ئەو سەردەمەی کە بەڕێوەیە تاکو بێت"(نیچە، ١٩٩٧، ٦٠)، ئەو سەردەمەی کە دەبێت سەردەمی ئێمە بێت، بەڵام لە ئێستا و لە ڕابردوو نەچێت.

## ٢- دەبێت چۆن سەیری کلتور بکەین؟

ئەگەر بە مانا گشتی و بەرفراوانەکەی وەریبگرین، کلتور بریتییە لە کۆی ئەو ڕووە مادی و نامادییانەی کە کۆمەڵگایەک خاوەنیەتی. لەم پێناسەدا هەموو شتێک ڕوویەکی کلتوریی هەیە؛ سیاسەت پێیەکی لە کلتوردایە. ئەمە بۆ پەروەردە، ئابووری، ئایین، خێزان... هتد، هەر وەهایە. توێژینەوە لەسەر ئەم ڕووە لە کلتور کارێکی قورسە و پێویست بە شیکاری تاک بە تاکی ئەم ڕووانە دەکات. بەڵام کلتور دەتوانێت لە دەلاقەیەکی دیکەیشەوە ببینرێت؛ کلتور بە مانا تایبەتەکەی. لەم ڕووەدا کلتور بریتییە لە کۆی ئەو ڕووە زانین(مەعریفی) و پراکتیکیانەی کە ڕاستەوخۆ دەڕۆنە سەر هەگبەی زانستی، زانین و جوانناسی کۆمەڵگایەک (واڵتۆن، ٢٠٠٨، ١٥-١٦). لێرەدا کلتور هەم ڕوو دەکاتە چۆنێتیی بەرهەمهێنانەوەی زانستی- زانینی و هەمیش ڕوو دەکاتە چۆنێتیی بەرهەمهێنانەوەی سۆز و هەستەکان.

لەم سۆنگەوە، چۆنێتیی گەشەسەندنی کلتور پرسیارێکە کە پێویستی بە وردبینییەکی تەواو هەیە، بەتایبەت ئەو کاتەی کە پرس لەسەر بەرپرسیارێتیی گەشەی کلتور بێت، یانی ئەوەی کە دەبێت کێ لە پێشخستنی کلتوردا ڕۆڵ ببینێت؟ ئایا ئەوە لە ئەستۆی ئەهلی کلتورە کە وەک تاک لە هەوڵی پێشخستنی کلتوردا بێت؟ زانستکار، شاعیر، نوسەر و ئەدیب چۆن دەتوانێت لە ئاستی بەرپرسیارێتیی تاکەکەسیدا ڕۆڵ ببینێت لە بەرەوپێشچوونی کلتوری وڵاتێکدا؟ بەڵام لە بەرانبەر ئەمەدا پرسیارێکی دیکەیش ڕەوایە؛ سیاسەت و وردتر لەوەیش حوکمەت و دەوڵەتەکان چۆن دەتوانن لە گەشەسەندنی کلتوریدا ڕۆڵ ببینن؟ ئەگەر قەبوڵبکەین کە هەموو ڕەهەندێکی کلتوری ڕوویەکی سیاسیی هەیە، لەم کاتەدا سیاسەت بەگشتی دەتوانێت چۆن ڕۆڵببینێت؟ کلتور فاکتەرێکی گرنگە لە پێشخستنی سیاسەتدا، بەڵام سیاسەتیش فاکتەرێکی گرنگە لە پێشخستنی کلتوردا[13]. سیاسەتە گشتییەکانی حکومەتێک و دواتر سیاسەتە تایبەتەکانی دەوڵەت، تا چ ڕادە دەتوانن ڕۆڵ ببینن؟ لەم کاتەدا پرسیارەکە بەم جۆرە دەبێتەوە کە کام لەم دوو ئاستە گرنگترە؟ ئەهلی کلتور یان سیاسەت؟ واتە پێشخستنی کلتور بەندە بە بوونی تاکی داهێنەر لە هەموو بوارەکانی ئەدەب، هونەر و زانین بە گشتی؟ یان، ئەوە سیاسەتە حکومی و دەوڵەتییەکانە کە ڕۆڵی گرنگ دەبینێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە، چونکە لە کۆتاییدا و بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە چۆنێتیی کارگێڕیی سەرەکیی کلتورمان بۆ دەردەکەوێت.

بەڵام ئیمکانی هەیە پرسیارەکە بە شێوازێکی دیکەیش وەڵام بدرێتەوە. دەیشکرێت بگوترێت هەردوولا هۆکارن لەسەر شێوازی گەشەکردنی کلتور، یان تەنانەت گەشەنەکردنیشی. ئەگەر ئەو گریمانەیە وەربگرین کە کلتور دەتوانێت هەم ڕوویەکی گشتی هەبێت و هەمیش ڕوویەکی تایبەت، لەوکاتەدا دەبێت ئەوە قەبوڵ بکەین کە گەشەکردن یان نەکردنی هەم لە ئەستۆی ئەهلی کلتورە و هەمیش ڕووەکانی دیکەی کۆمەڵگا ڕۆڵێکی باش دەبینن لە پێشخستنیدا. ئێستا هەموو دەزانین، ئەگەر لانیکەمیەکی گەشەی ئابووری نەبێت، بەرهەمە کلتوریەکان گەشەیەکی ئەوتۆ نابینین. بەڵام پێچەوانەکەیشی زۆر ڕاستە؛ ئەگەر بەستێنێکی لەباری کلتوری کار و ئابووری نەبێت، کەرتی ئابووریش ناتوانێت گەشە بسێنێت و لە باشترین دۆخدا هەر بە چالاکیی بازرگانی دەمێنێتەوە؛ وەک ئەوەی کە کورد لەم سەد ساڵەدا ئەزمونیکردووە. لە ڕووە سیاسیەکەیشەوە هەر بە هەمان شیوەیە؛ کلتوری لەبار سیاسەتی تەندروست پێشدەخات و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە (مەک ڕووبی، ٢٠٠٥، ٢٨-٢٩)، بەڵام باشتر وایە پرسیار لەم جۆرە پەیوەندییە بۆ مەجالێکی دیکە دابنرێت.

### ٢-١ بەرپرسیارێتیی دوولایەنە

بۆیە دەتوانین پرسیارەکە بەم جۆرە شیبکەینەوە، کە چۆن دەکرێت ئەهلی کلتور و کەرتی سیاسەت پێکەوە، لە گەشەسەندنی کلتوریدا ڕۆڵ ببینن؟ یان چۆن دەکرێت هەردووکیان وەک یەک ڕۆڵیان هەبێت لە 'گەشەنەسەندنی' یان لە بەلاڕێبردنیدا؟ پرسیارخستنە سەر یەک لا و سڕینەوەی ڕۆڵی لایەکی دیکە، یەکجار کێشەئامێزە. لەڕوی مەیدانییەوە، لە هیچ کوێیەک نەبینراوە کە یەک لایەن ڕۆڵ بگێڕێت؛ هەمووکات هەردوولا ڕۆڵیان بینیوە. لەڕوی سیاسی-ڕەوشتیشەوە فەرامۆشکردنی ئەم جووتە ڕۆڵە کێشەئامێزە، چونکە لەو حاڵەتەدا هەرلایەنێک دەتوانێت بە تۆمەتبارکردنی لایەنی بەرانبەر بیەوێت ئەرکی سەرشانی خۆی سووک بکات و هەموو بەرپرسیارێتییەکان بخاتە ئەستۆی 'ئەویدی' (مەکینتایر، ١٩٨١، ٦)، بۆ نمونە لە کوردستانی سەردەمی ئێمە، زۆر کەس هەیە کزی و خراپیی کوالێتی کلتور دەگەڕێنێتەوە بۆ کەمکاری، یان هیچکاریی حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی پەیوەندیدار بەم بوارەوە. ئەمە لە خۆیدا کێشەئامێزە، چونکە بە سڕینەوەی بەرپرسیارێتی لە خود، کلتوری چاوەڕوانی لە ئەویدی دروست دەکرێت، بێ ئەوەی ڕۆڵی خود بجولێندرێت. پێچەوانەی ئەم تێزەیش هەر هەڵەیە و لەڕاستیدا پاساوە بۆ کەمکاریی حکومەتی هەرێم و دامودەزگاکانی پەیوەندیدار بەم بوارەوە. زۆرجار هەیە کە بەرپرسانی سیاسیی هەرێم کلتور بە بواری خۆیان نازانن و دەڵێن: چونکە ئێمە پسپۆڕ نیین، بۆیە ناتوانین دەستی لێ بدەین. بەتایبەت ئەوەی کە دەگوترێت کلتور گەشەسەندنێکی خاوی هەیە و ئێمەیش هەرچی بکەین هەر دەستێوەردانێکی دەستکردە. بەرجەستەکردنی هەرکام لەم دوو ڕووە بەتەنها، گرفتە و زاڵبوونی هەردووکیان یەکێک لە خەسارناسییەکانی ئەمڕۆی دونیای کلتوری کوردییە. بۆیە دەستنیشانکردنی ئەم یان ئەو (سیاسەت یان ئەهلی کلتور) بۆ خۆی یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم گەشەسەندنی کلتوری لە کوردستانی ئەمڕۆدا.

پرسیارە سەرنجڕاکێشەکە لێرەدایە، ئەگەر قەبوڵبکەین کە هەردوو ئەم بوارە ڕۆڵی چالاک دەبینن، ئەم دوو ڕۆڵە چۆنن؟ ئایا هەردووکیان یەکجۆر ڕۆڵ دەبینن؟ ئایا هەردووکیان دوو جۆر ڕۆڵی جیاواز دەبینن؟ یان لێرەیشدا ئیمکانی هەردووکیان هەیە؟ یانی هەم ڕۆڵی هاوبەشیان هەبێت و هەمیش ڕۆڵی جیاواز؟ ئێمە لەسەر ئەم بژاردە دوایینە دەوەستینەوە و پێمان وایە کە سیاسەت ڕۆڵی جیاواز دەبینێت لە گەشەسەندنی کلتوردا، هەروەها دەکرێت ڕۆڵی ئەهلی کلتوریش جیاواز بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێت هەردووکیان بە یەک شێواز، بە ئەرێنی یان بە نەرێنی، ڕۆڵ ببینن. ئەوەی بۆ ئێمە جێگای سەرنجە و حەزدەکەین ئاوڕی لێ بدەینەوە، دەستخستنە سەر ئەو تۆخمە زانینانەیە (مەعریفی) کە هەردوو ئەهلی کلتور و سیاسەت لە دوای ڕاپەڕین کاریان پێکردووە[14].

[13] بڕوانە ئۆسوێڵ، ٢٠٠٦: ٦١-٧١.

[14] بڕوانە: بارکێر، ٢٠٠٢، ل. ٩٢-٩٣.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp74-81

## ٣- ترۆمای سڕانەوە و گوتاری مانەوە

ئەوەی لە هەموو بوارەکانی کلتوردا دەبینرێت، لە کوردستانی دوای ڕاپەڕین هەتاکو ئێستا، هەڵگری زانینێک بووە دەتوانین ناوی گوتاری "مانەوە"ی لێ بنێین. لەبەر ئەوە دۆخە دژوارەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە سەدەی بیست پێیدا تێپەڕیوە؛ مانەوەی شوناسی کورد یان نەفەوتانی شوناسی کورد لە ئامانجە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای کورد بووە. ئەگەر شتێک بێت کە بتوانین ناوی پرۆژەی کۆمەڵگای لێ بنێین، بە درێژایی سەدەی بیست، کۆی پرۆژەی کۆمەڵگای کورد لە دەوری ئەم گوتارە خولاوەتەوە. لەبەر زەبری سیاسی-سەربازی دەوڵەتی وڵاتانی دراوسێ، ئەوە لەناو کورددا زۆر بڵاوەی کردبوو، کە کورد وەک نەتەوە و وەک شوناس لە ژێر مەترسیی نەماندایە و زۆر ئیمکانی هەیە نەتەوەی کورد وەک زۆرێک لە نەتەوەکانی دیکە، لە ناوچەکە و لە جیهان، لەناوبچێت و دواتر لە مێژوودا تەنها ناوێکی لێ بمێنێتەوە. لە زۆرینەی پارچەکانی کوردستان زمانی کوردی قەدەغە بوو، خوێندن لە خوێندنگەکان نەبوو، و هەر جۆر چالاکییەک کە کوردی بوایە ڕادەگیرا. لە تورکیا هەموو جۆرە ئاماژەیەک بۆ کورد و زمانی کوردی قەدەغە بوو. لە سوریا ناسنامە لە ژمارەیەکی زۆری کورد وەرگیرایەوە. لە ئێران دۆخەکە بە هیچ شێوازێک لەبار نەبوو بۆ کورد. تەنها لە باشووری کوردستان تۆزە دەرچەیەک هەبوو، بەڵام بە باجی چەندین کۆمەڵکوژی. بۆیە ئەو بیرۆکەیە لای زۆرینەی کۆمەڵگای کوردی ئەو سەردەمە دروست بووبوو، کە کورد لە بەردەم مەترسیی لەناوچووندایە. ئەم مەترسییە زیاتر هەست پێدەکرا، بەتایبەت ئەو کاتەی کە دەبینرا خودی تاکی کوردیش ناهۆشیارانە بەرەوە فەرامۆشیی هێما کلتورییە کوردییەکان دەچێت. یانی ئەو ساتەی کە خودی تاکی کورد ئارەزوومەندانە بەرەو خۆگونجاندن دەچوو لە لەگەڵ شوناسی دەوڵەتانی ناوەند. ئەم دیاردەیە لە ئێران لە لای بەشێک لە کوردەکان هەبوو، بەڵام لە هەموو وڵاتێک جیدیتر تورکیا بوو؛ هەتاکو ئێستایش لە بەردەوامیدایە. دەتوانین کۆی ئەم ئەزمونە مێژووییە کە ڕوویەکی جیددی دەروونیی هەبوو ناو بنێین "ترۆمای لەناوچوون"[٧]. بۆیە ئەم ترۆمایە وەک ئەزمون زۆر بە قورسی دەردەکەوت، لەبەر ئەوەی فشارەکە دوو ڕەهەندی ناوەکی و دەرەکی بوو؛ فشاری یاسایی، سەربازی وڵاتانی دراوسێ دەبینرا، بەڵام خۆگونجاندنی تاکی کوردیش لەگەڵ ئەم سیاسەتە دۆخەکەی چڕ کردبویەوە. نمونەی ئەم جۆرە دەربڕینە لە هۆنراوەی کوردیدا زۆرە و بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ شاعیران ئەم مەترسییەیان هۆنیوەتەوە. ئەم هەستە ناڕاستەوخۆ لە سرودی نەتەوەیی کورددا دیارە و دڵدار وەک کاردانەوەیەک بە پەرەسەندنی ئەم جۆرە هەستە بەم دێڕەوە دەست پێدەکات: "کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە...". هەرچی هۆنراوەیە کە ئاماژە بە بژاردەی مانەوە و نەمانەوە، ئاماژەیە بەم هەستە. لە هۆنراوەی خوارەوەدا لە "بۆ کوردستان"ی هەژار موکریانی (٢٠٠١) ئەم هەستی مان و نەمانە دەردەکەوێت و هەر لە هەمان دیواندا دەیان نمونەی هاوشێوە هەیە:

کوردین ڕۆڵە[ی] کوردستانین، بەدڵ ئازادیمان دەوێ

هەتا لەسەر دنیا زیندووین سەرمان بۆ دوژمن نانەوێ... ( ٣٥١).

لە هۆنراوەیەکی قانیعدا (شیوەنی نیشتمان، ١٣٨٤) ئەم هەستە بە ڕوونی هۆنراوەتەوە و وێنەی کورد وێنەی کەسێکە، هەر لە گۆڕستان و شیوەندایە. گۆڕستان، شیوەن، گریان، هتد. هەموویان ئاماژەن بە نەمان و سڕانەوە:

هەوری بەختی کوردستانە، شیوەن و گریان ئەکا

ناڵەناڵی کوردەکانە جەرگ و دڵ بریان ئەکا.... (ل. ٤٧).

هۆنراوەی 'تا چرای ئێمە نەسووتێ' لە دیوانی بروسکەچاندنی عەبدوڵا پەشێو (١٩٨٢، ٩٢) لەم جۆرە نمونانەیە. قڕکردن هاومانای لەناوچونە و تەنانەت بارێکی مانایی قورستریشی هەیە لە وشەی لەناوچون:

قڕمان دەکەن

قوڕتان بەسەر!

گەر بشمرین تەنها دیلی دەدۆڕێنین؛ ....

هۆنراوەی 'ترس' لە دیوانی بروسکەچاندنی عەبدوڵا پەشێو (١٩٨٢، ٧٧) نمونەیەکی دیکە لەم جۆرە ڕوانینەیە:

بەفر تا جێی بڵندتر بێ

پتر لە هەتاو دەترسێ...

لەم جیهانە هەرکەس لە شتێک تۆقیوە

کوندەبۆ لە ئاوەدانی...

منیش زراوم ڕژاوە

دەترسم لە سەرەمەرگا

سپیەکانم بزریکێنن

بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات

دەترسم بمێنە خاکێک

نە من ئاشنای بوونی ئەوبم

نە زمانم، ئەو تێی بگات...

هۆنراوەی 'تۆ دڵتەنگی' (ل. ١١٣)، لە دیوانی بروسکەچاندنی عەبدوڵا پەشێو هەر لەسەر هەمان هەستە. لە هۆنراوەی 'توانەوە'دا لە دیوانی 'بەرەو زەردەپەڕ' (١٣٩٥، ١٣٣) پەشێو زیاتر ئەم هەستە دەوروژێنێت. ئەوکاتەی ترسی خۆی لە شوناسی نیشتمان لە دەربڕینی خۆشەویستییەکی یەکلایەنەدا نیشاندەدات، بەڵام بەحەسرەتێکەوە دەریدەخات کە ئەم خۆشەویستەی توایەتەوە:

بە تۆ دەبینم.

بە تۆ دەبیسم.

بە تۆ دەپەیڤم.

کەچی مەخابن!

ناوبانگ هی منە و ئەتۆش بزری.

چەند لام ستەمە هەر وا دەزانن

کە تۆ من نیت و کەسێکی تری!

ترۆپکی ئەم جۆرە وێنەیە لە هۆنراوەی شێرکۆ بێکەسدا زۆرە. لە "دەربەندی پەپوولە" ( ١٩٩٨) کوردستان بە چەندەها جۆر بەم ترۆمای سڕانەوە گرێ دەدرێت. یەک لەوانە 'وڵاتی حەسرەتە'؛ یان 'مێرگی غوربەت':

لاوەکە! تەماشا !

ئەم مێرگی غوربەتە ئازاری چەند سەوزە

چەند تەڕ و پاراوە ئاڵۆزی گوڵگوڵیی

ئەم مێژووی وڵاتی حەسرەتە... (١٥).

لەبەردەم ئەم هەڕەشە ڕاستەقینەدا، کۆمەڵگای کوردی گوتاری مانەوەی وەک ئامانجی سەرەکیی هەموو پرۆژەکانی کۆمەڵگا هێنایە پێشەوە. گوتاری مانەوە بریتی بوو لە پاراستنی هەموو ئەو شتانەی کە ڕەنگ و بۆنی کۆمەڵگای کوردی پێوە بوو. پاراستنی هەموو شتێک بە ئەرک دەزانرا. جلوبەرگی کوردی بە پیرۆز دەژمێردرا لەچاو هەر

جلوبەرگێکی دیکە، چونکە بە ئەرک دەزانرا ئەم جلوبەرگە بپارێزرێت. ئەمە بۆ زمان، مۆسیقا، هۆنراوە، چیرۆک، هونەر، هتد، هەروەها بوو. ئامانجی سەرەکیی سیاسەتکردن و دواتریش خەباتی چەکداری، هەر گوتاری مانەوە بوو. مەترسیەکە بە جیددی دەزانرا و لەڕاستیشدا هەر جیددی بوو. لەم سەدەیەدا هەموو شتێک وەها بەرهەم دەهات وەک ئەوەی کە ئەوە دوایین ساتە بۆ ئەو دەرکەوتە کلتوریە. شاعیرێک هۆنراوەی دەنووسی و نەیدەزانی دوای ئەو هۆنراوەیە بۆ خۆی دەمێنێت یان نە. گۆرانبێژێک کە بە زەحمەت کاسێتێکی ئامادە دەکرد، نەیدەزانی خۆی وەک کاسێتەکەی رۆژی رووناک دەبینێت یان نە.

## ٤- شەبەنگی "هەرچی کوردییە باشە"

گوتاری "مانەوە" چەندە بۆ خۆی ڕەوا بوو و چەندە پێویست، لەگەڵ خۆیدا زانینێکی داهێنا، کە هەتاکو ئێستا زانینی کوردە و لە ئاستی کلتوریدا، هەر زانین زاڵی هەردوو ئەهلی کلتور و سیاسەتە. لە گوتاری "مانەوەدا"، گوتارێکی دیکە دروست بوو کە گوتاری "هەرچی کوردیە باشە"یە. لەبەر ئەوەی کە کورد لە ناوچووندایە، دەبێت هەرچی کوردییە بەپیرۆز بزانرێت، چونکە هەر کوردیبوونەکەی کافیە؛ چونکە هەر کوردیبوونەکەی لە نەمان دەمانپارێزێت. گرنگ نییە چی دەنوسرێت، گرنگ نییە چی دەکرێت، گرنگ نییە چی دەوترێت، هەر لەبەر ئەوەی کە کوردییە. "کورد لە ناوچووندایە، بۆیە پێویست نییە ئەوەندە لێی بکۆڵینەوە کە چی وتراوە، هەر کوردیبوونەکەی نیشانە و هێمای مانەوەمانە؛ هەر کوردیبوونەکەی ئاماژەی سەرکەوتنمانە". "داگیرکەر تەنها لەبەر ئەوەی کە کوردییە، دەستی بەسەردا دەگرێت، دەی بۆ ئێمە نابێت هەرچی کوردییە بپارێزین؟"، ئەمە بوو لۆژیکی کلتورکاری کورد، بە ئێستایشەوە ئەمە هەر بەردەوامە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەم گوتارە لە کلتوردا، گوتارێکی دیکە لە سیاسەتدا ئامادەیی هەیە، "هەرچی کورد بیکات، باشە و هەرچی غەیری کورد بیکات خراپە". لە مێژووی کوردایەتیدا (٢٠٢١، ١١٤)، ڕامان ئاری بە وردی ئەو گوتارە ئەدەبییە دەستنیشان دەکات کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە لە کوردستان لەدایکدەبێت و جگە لە هەندێک کەسی دەگمەن نەبێت، کۆی ئەدیبان بە ڕێچکەیەکی زانیندا دەڕۆن؛ لە لایەک لەسەر هزری وەدەرنەرانەی کورد لەگەڵ کورد وەستاوەتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەو چەمکە گەشە دەکات کە بریتیە لە "ئەوەی کورد بیکات باشە و ئەوەی غەیری کورد بیکات خراپە". ئەم جۆرە نیشتمانپەروەرییە لە نیشتمانپەروەریی پێش خۆی جیاوازە، کە نوێنەرەکانی نالی و ئەحمەدی خانیین. لە نیشتمانپەرەریی ئەمەی دواییدا نە چەمکی وەدەرنەرانە هەیە، و نە کوردیش بە ڕەهایی بە پاک دەزانرێت. بەڵام لەوەی یەکەمدا، کە نیشتیمانپەروەریی سەدەی بیست و ئێستایە، دەکرێت ڕەوایی بە هەموو شتێک بدرێت ئەگەر کوردی بێت. بۆ نمونە، ئەگەر دەوڵەتێکی کوردیی نادادپەروەر هەبێت ڕەوایە، چونکە کوردییە و دەکرێت نادادپەروەرییەکەی دواتر چارەسەر بکرێت. ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ دۆزی کورد، ڕوانگەی زاڵی کوردییە بە ئێستایشەوە.

### ٤-١ لۆژیکی باشە، چونکە کوردییە!

لە دڵی ئەم گوتاری "مانەوە – باشە، چونکە کوردییە"، لۆژیکێکی پووچ دروستبوو، گوێنەدان بە ناوەرۆک، پشتگوێ خستنی باری زانستی، ئەدەبی و هونەریی بەرهەمێکی کلتوری. لە ڕاستیدا ئیتر هیچ ناوەرۆکێک گرنگ نییە، چونکە نە خولقێنەر و نە بەرکاری بەرهەمی کلتوری بەدوای ناوەڕۆکەوە نیین، تەنها کوردیبوونەکە گرنگە. لەژێر چەتری ئەم لۆژیکەدا هەرچی شتە بە کورد ڕەوا دەبینرێت، چونکە لە کۆتاییدا دەگوترێت، "هەرچی بێت خۆ زمانەکەی کوردییە". "ئەگەر هیچ کەڵکی نەبێت، ئەوا خۆ چەند وشەی زیندوی کوردیی بەکارهێناوە". یان دەوترێت، "خەڵک وا زمانەکەی خۆی لەبیردەکات، بۆ ئێمە گرنگیی پێ نەدەین کە بە کوردییە؟" پەرەسەندنی ئەم لۆژیکە، ئەگەر لە سالانی سەختی سەرکوتدا ڕەوا بووبێت، ئایا لە سالانی ئاسوودەیی دوای ڕاپەریندا ڕەوایە؟ ئەم لۆژیکی 'ناوەرۆک گرنگ نییە'، سەرەتا و هۆکارێکە بۆ بەتاڵکردنەوەی هەرچەشنە بەرهەمێکی کلتوری. تەنها کوردیبوون دەبێتە پێوەری هەڵسەنگاندنی کلتور بە هەموو مانا و ڕووەکانییەوە. ئەم لۆژیکە، هۆکاری بەتاڵبوونەوەی زۆرینەی بەرهەمە کلتورییەکانی سەردەمی ئێمەیە؛ ئێمە لە کۆتاییدا دڵی خۆمان بەوە خۆشدەکەین، ئەگەر شتێکی گرنگیشمان نەکردبێت، خۆ لە کوردینوسینەکەدا جێگای دەستخۆشیین.

### ٤-٢ لۆژیکی ژمارە

لەگەڵ لۆژیکی "باشە، چونکە کوردییە!"، لۆژیکێکی دیکە سەریهەڵدا کە لەوانەیە ئەو ڕووی دیکەی ئەم دراوە بێت. ئەم لۆژیکە لۆژیکی ژمارەیە. لۆژیکی ژمارە بریتییە لەوەی کە هەرچەند بەرهەمەکان زۆرترین، لە ژمارەدا، باشترن. ئەگەر نوسەرێک بە جێگای یەک پەرتوک، دەیان پەرتوک بێت باشترە. ئەگەر ناوەندێکی چاپ لە ساڵدا بە جێگای دە پەرتوک، سەد پەرتوک بڵاوبکاتەوە، باشترە. بڵاوکراوەکان تا زۆرتر بن باشترن؛ زۆریی ژمارە مانای دەسەڵاتداریتی و بەهێزییە. ژمارەی زۆر پێچەوانەی نەمان و فەوتانە؛ ژمارە بەتەنها مانای ئامادەبونێکی گشتگیری بێکۆتایی دەگەیەنێت؛ ژمارەی زۆر، دەسەڵاتی لەبنەهاتووی هەردەمێتی دەگەیەنێت. ئەم لۆژیکە هەم لە پێش ڕاپەریندا بووە و هەمیش لە دوای ڕاپەڕین. ئەم لۆژیکە هەم لە لای سیاسیی کوردی پەیوەست بە کلتورەوە ئامادە بووە، هەمیش لای ئەهلی کلتور خوازراوبووە. ئەهلی کلتور ژمارەی زۆری بە لێهاتوویی داهێنەرانەی کلتوری زانیوە بۆ خۆی. ئەهلی کلتور هەمووکات شانازیی بە ژمارەی کتێب، وتار، مۆسیقا، تابلۆ، هتد کردووە. بەڵام کارگێڕانی کلتوریش وەک ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، هەردەم شانازییان بە ژمارەکانیانەوە کردووە و دەیکەن. بەڵام لەو کێبڕکێی سیاسییەی لەنێوان حیزبە کوردستانییەکاندا هەبوە و تاکو ئێستایش تارادەیەکی زۆر هەر بەردەوامە، ئەم لۆژیکی ژمارە یەکجار زاڵە. ئیتر حیزبی بەدەسەڵات هەوڵ دەدات، زۆرترین دەزگای چاپ، زۆرترین ڕۆژنامە و زۆرترین کەناڵی تەلەفیزۆنی هەبێت. شایانی ئاماژەیە کە لەگەڵ ئەم لۆژیکەدا، پرسی کاتیش جێگای سەرنجە. بەرهەمهێنەری باش ئەوەیە، زۆر خێرا بەرهەمێکی دروستکردووە.

لە ئەنجامی زاڵێتیی ئەم دوو لۆژیکەدا، شتێکی دیکە پێگەی لەق دەبێت، ئەویش کوالێتیی بەرهەمی کلتورییە. لەمێژە کوالێتیی بەرهەمی ئەدەبی، پێوەری دووەمی هەموو هەڵسەنگاندنێکە، هەڵبەتە ئەگەر هەڵسەنگاندنێک هەبێت. ئەگەر ئامانج تەنها مانەوە بێت، و ئەگەر لۆژیکەکانیش تەنها ژمارە و کوردینوسین بن، ئەوا ئیتر کوالێتی هیچ ڕۆڵێکی نامێنێت! بەرهەمهێنەرێکی کلتوری ئیتر بە بەرهەمێکیەوە ناناسرێت، ئەوە ژمارە و زمانی بەرهەمەکانیەتی کە سەربەرزی دەکات یاخود نە. ناوەندە کلتورییەکانیش هەر وەک سیاسیەکان هەر بە هەمان زانین بیر دەکەنەوە. ئەم گوتارە ئەمڕۆ ئیتر گوتاری هاوبەشی سیاسی و ناسیاسییە. لای هەموان ئیتر ناوەرۆک گرنگ نییە، ئەوەی کە هەیە پڕکردنەوە و نیشاندان و دیکۆرکردنە.

لەم پرۆسەیەدا جگە لە کوالێتی، ڕوویەکی دیکەی یەکجار گرنگی هەر بەرهەمێکی کلتوری دەخنکێت؛ پرسی هەڵسەنگاندن و ڕەخنە. لای هەموان ئاشکرایە ڕەخنەی کلتوری پێشمەرجێکی گرنگی هەر جۆرە پێشکەوتنێکە. دەی باشە ئەگەر لۆژیک تەنها

کوردینوسین و تەنها ژمارە بێت، ئیتر هەڵسەنگاندنی بۆ چییە؟ ئەگەر ئامانج ناوەرۆک، بەکەڵکهاتوویی و زانین نییە، ئیتر بۆ ڕەخنە بگیرێت؟ ئەمڕۆ ئیتر ڕەخنە لە کۆمەڵگای کلتوری کوردیدا سڕبووە، چونکە ڕەخنەگری جیددی نازانێت لەناو ئەم ژمارە زۆرە بەرهەمەدا لە کوێوە دەست پێبکات. هیچ بەرهەمهێنەرێکیش تاقەتی ڕەخنەگرتنی نییە، چونکە دەزانێت هەر بەو ڕادە کە ئەو خۆی بە بەرهەمێکەوە ماندوو کردووە کە بەرهەمهێنەرێکی دیکە کردویەتی، چونکە هەر نوسەرێک لە کوردستانی ئەمڕۆ نازانێت پێگە کلتوری- زانینەکەی خۆی کامەیە، تاکو هی کەسی بەرانبەر ببینێتەوە. بەزیادیەوە، ئیتر ئەمڕۆ وای لێهاتووە و بووە بە یاسایەکی نەنوسراو: "دەست لە بەرهەمی من مەدە، دەست لە بەرهەمی تۆ نادەم". یان "وەرە مەدحی من بکە، منیش دوایی مەدحت دەکەم". ئیتر وای لێدێت جیاوازییەکی ئەوتۆ لەنێوان نوسەر و خوێنەردا نامێنێت. ئەگەر خوێنەرێک بەدوای بەهرەبینینەوە بێت لە بەرهەمێک، کە دەبینێت چەندە بێکوالیتی بە بەرهەمەکانەوە دیارە، لە خۆی دەپرسێتەوە ئەگەر جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان منی خوێنەر و ئەویدیی بەرهەمهێنەردا نەبێت، کەواتە بۆچی من خۆم بە شتێکەوە ماندوو بکەم کە قازانجێکی ئەوتۆی نییە؟

ئەگەر سەرنج بدەین لە کۆمەڵگای کوردیی ئەم سەردەمەدا، دەتوانین بڵێین لە زۆر بواردا کەسێک هەیە خاوەن بەهرەیەکی تایبەتە، بەڵام ئایا لە پرسی داهێنانی کلتوریدا تەنها بەهرە کافییە؟ بە دڵنیاییەوە بەهرە دەستپێکە، بەڵام بەردەوامی بۆ هیچ داهێنانێک نارەخسێنێت. بۆ نمونە، دەنگخۆشی زۆر هەیە بە گۆرانییەک یان دوانەوە دەناسرێن، بەڵام دواتر کۆی بەرهەمەکانیان ئاوڕێکی ئەوتۆی لێ نادرێتەوە. دیاردەی لەمشێوە کە لە هەموو بوارەکانی کلتوری ئەمڕۆدا دەبینرێتەوە، سەلمێنەری ئەوەن کە بەهرەی کلتوری بە تەنها کافی نییە.

شایانی ئاماژەیە، دەکرێت ئەمڕۆ بەرهەمهێنەرێکی کلتوری شتێک بخولقێنێت، بەڵام هیچ ئەم گوتاری مانەوە و بەرگرییە پێچەوانەیەشی لە خەیاڵدا نەبێت. یانی دەکرێت بگوترێت ئەمڕۆ ئیمکانی هەیە بەرهەمهێنەرێک هەبێت کە خولقێنەرێکی گەنجی ئەم سەردەمەیە و لە زۆرینەی هەموو ئەو ترۆما و گوتاری مانەوە بەدوورە، بەڵام هەوەک خەڵکی دیکەیە. با وەهای دابنێین کە ئەمە ڕاستە، هەرچەند ئەمە لە خۆیدا جێگای مشتومڕێکی زۆرە، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە دەبێت بپرسرێت چۆن کلتورێک ڕەهەندێکی گوتاری وەردەگرێت لە ئەنجامی گەشەسەندنێکی مێژووییدا؟ یانی چۆن شێوازێک لە بوون یان پراکتیک لە سەردەمێکدا دەبێتە باو و عادەت؟ دەکرێت ئەمڕۆ کەسێک هەبێت کە دوور بێت لە هەموو ئەم تێگەیشتنانە، بەڵام چونکە لەناو کۆمەڵگایەکی کلتوریدا ژیاوە و گەورە بووە، کە ناوەرۆک پێوەری یەکەم نییە، دەکرێت ئەویش بە هەمان ڕێچکەدا بڕوات کە خەڵک پێیدا دەڕوات؛ دەکرێت لای ئەویش پێوەر هەر ژمارە و هەر خێرا دەرکەوتن بێت. سەرنجڕاکێشیی ڕووی گوتاری کلتور لێرەدایە، پێماندەڵێت چۆن دەکرێت کەسێکی بەتەمەن، کە هەموو جۆرە ترۆمایەکی ئەزمونکردووە و کەسێکی گەنج، کە کەمترین لەمانەی ئەزمونکردووە، لە کۆتاییدا هەردووکیان وەک یەک بیر بکەنەوە؟! گوتار لەو ڕووەوە باڵکێشە پێماندەڵێت کە چۆن سیاسی و کارگوزاری کلتوری و ئەهلی کلتور، هەموویان، وەک یەک بیر دەکەنەوە. هەر لەبەر ئەم لۆژیکانەیە کە هەموو کات ڕەچەڵەکناسی کۆی ئەم ئەزمونە مێژووییانە گرنگە. ڕەچەڵەکناسی چۆنێتیی دروستبوون و کەڵەکەبوونی ئەزمونێکمان (کلتوری) نیشاندەدات، بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە کە دواتر نیشانیش دەدات چۆن ئەو بژاردە مێژووییە دەبێتە کلتورێکی گشتانگیری کۆمەڵگایەک. خوێندنەوەی سیاسەتی کلتوریی ئەمڕۆی کوردستان، بەرهەمی دوای ڕاپەڕین نییە، دوای ڕاپەڕین، بۆخۆی بەرهەمی گەشەسەندنێکی مێژووییە کە زۆر پێش خۆی هاتوەتە ئاراوە. دوای ڕاپەڕین، بەرهەمی ئەزمونی زانینی سەدەی بیستە؛ ئەزمونی کلتوری دوای ڕاپەڕین منداڵی هەموو پێشهاتە سیاسی و ناسیاسییەکانی سەدەی بیستە. گۆڕینی کۆی ئەم گوتارەیش بە هێرشکردنە سەر دوای ڕاپەڕین بێمانایە. ئەوەی پێویستە، دانانەوەی زانینێکی کلتورییە کە لە دەرەوەی ئەم گوتاری لەناوچوون-مانەوە بێت.

## ٥- ئەنجام

ئەگەر ئێستا بۆ پرسیارە سەرەتاییەکان بگەڕێینەوە دەبینین کە لە ڕاستیدا یەکلاکردنەوەی ڕۆڵی سیاسەت یان ئەهلی کلتور تۆزێک بێئەنجام دەنوێنێت، چونکە هەردووکیان ڕۆڵیان هەیە و پێداگری لەسەر ڕۆڵی یەکێکیان و پشتگوێخستنی ڕۆڵی ئەویتر هیچ لە ڕاستیەکان ناپێکێت، بەڵکو ئەنجامی سیاسی-کلتوری خراپیشی لێدەکەوێتەوە. لە ئەنجامە هەرە خراپەکانی ئەم تێگەیشتنە، بەردەوامیدانە بە کلتوری خۆقوتارکردن لە بەرپرسیارێتی، لە هەموویشی خراپتر لاوازکردنی 'خودە'. بۆیە پرسیاری سەرنجڕاکێشتر لەمەی سەرەوە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ کام زانین (مەعریفە) لە هەردوولا هاوبەشە و گوتاری شاردراوەی هەردوولایە؟ یان با بڵێین، پرسیاری زیرەکانەی ئەمڕۆ ئەوەیە، کام توخمی زانین بووەتە بەندی دەستوپێی هەردووک سیاسی و ئەهلی کلتور؟ گرفتە گرنگەکە لەوەدایە کە ببینرێتەوە "ئەمڕۆ چۆن سیاسی و ئەهلی کلتور لە یەک دەچن، وەک یەک بیر دەکەنەوە". پرسیارە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە بپرسرێت کە "ئایا ئەمڕۆ ئەهلی کلتور و سیاسی بەڕاستی لێک جیاوازن؟" و لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە بپرسرێت "ئەمڕۆ بەڕاستی ئەم دوو چینە ئەوندە لە جەماوەری کوردستانی جیاوازترن کە خۆیان بانگەشەی دەکەن؟"

وەڵامی ئێمە بۆ ئەم پرسیارانە ڕوونە. ئەوە گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگا کوردستانییەکانە، ئێمەی بە ئەمڕۆمان گەیاندووە، بەڵام پرسە سیاسییە گرنگەکە لێرەدایە، ئەگەر ڕۆژێک ئەم گەشەسەندنە مێژووییە ناچارییەکی تێدا بووبێت بۆ کورد، ئەوا خۆ ئەمڕۆ ئەو ناچارییە نەماوە. بۆیە وەک دەرئەنجامێکی ڕەوشتی دەکرێت ئەم گرفتانە ئاراستەی ئەهل و نائەهلی کلتور بکرێتەوە و بگوترێت کە ئێمە ئەمڕۆ بۆ خۆمان دەستمان هەیە لە بەردەوامیی ئەم ناچارییەدا. ئەمڕۆ خۆمان هەر وەها دەکەین کە کات وەستاوە و ئێمە هێشتا لە ساڵە سەختەکانی دەیەی ٧٠ و ٨٠ داین. ئەگەر ڕۆژێک ترسی نەمان ڕاست و دروست بووبێت و تەنها کوردینوسین وەڵامی ئەو دۆخە بووبێت، بەڕاستی ئەمڕۆ ئەم مەترسییە ئیتر ڕەوا نییە. ئەمڕۆ ئەگەر لە ساڵانی سەختی مەترسیدا نیین، ئێمەی نوسەر، ئێمەی هونەرمەند، ئێمەی ڕۆژنامەوان، ئێمەی ئەهلی کلتور پێویست ناکات هەر لە بازنەی ناچاریانەی زیاد لە نیو سەدە لەمەوپێشی خۆماندا بمێنین. ئەگەر پرس ئەوە بێت "بۆچی بەرهەمەکانمان تۆکمە و بەپیت ناکەین؟"، "بۆچی پێیاندا ناچینەوە؟"، "بۆچی بەرهەمی خۆمان بە جیددی وەرناگرین؟"، "بۆچی بەرهەمی ئەویدیش هەر بە جیدی نابینینەوە؟"، "بۆچی حەزمان لە ڕەخنە نییە؟"، هەموو ئەمانە نیشانەیە کە ڕاهاتووین پرسیار لە خۆمان نەکەین. بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە کە بە جیدی گوتاری مانەوە بخرێتەوە ژێر پرسیار. لە تێپەڕاندنی ئەم گوتارە و لۆژیکەکانیەتی کە ئاسۆیەک بۆ داهاتوو دەبینرێتەوە. لە بە مێژووکردنی ئەو دەلاقە بینینانەیە کە نوێگەری و ڕۆژەڤبوونەوە ڕوو دەدات. لە گومانکردن لە لۆژیکی ژمارەیە کە دووپاتبوونەوەی ساڵانی ڕابردوو ڕوونادات.

## سەرچاوەکان

ئاری، ڕ.، ٢٠٢١. *مێژووی کوردایەتی*، بەرگی یەکەم، کتێبفرۆشی ڕۆمان: سلێمانی.

بێکەس، ش.، ١٩٩٨. *دەربەندی پەپوولە*. چاپی دووەم، چاپخانەی بێسارانی: سلێمانی.

پەشێو، ع.، ١٣٩٥. *بەرەو زەردەپەڕ*، کانی کتێب: سنە.

پەشێو، ع.، ١٩٨٢. *بروسکەچاندن*، دیوانی پەشێو ٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات: هەولێر.

قانع، ٢٠١٤. *دیوانی قانع*، چاپی هەشتەم، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی داڵاهۆ: تاران.

هەژار، ٢٠٠١. *بۆ کوردستان*. دەزگای ئاراس: هەولێر.

Barker, C., 2002. *Making Sense of Cultural Studies*. SAGE Publications: London.

Bernard, W., 1989. "The Scientific and the Ethical". In: Stanley G. Clarke and Evan Simpson (edited). *Anti-theory in ethics and moral conservatism*. State University of New York Press, Albany.

Coady, D., 2012. *What to Believe Now: Applying Epistemology to Contemporary Issues*. Malden, MA: Wiley-Blackwell.

Coady, D., 2017. Applied Epistemology, in *A Companion to Applied Philosophy*, Edited by Kasper Lippert-Rasmussen, Kimberley Brownlee, and David Coady. Wiley Blackwell, Chichester.

Dastooreh, K., 2016. *Le dilemme de la continuité et de la discontinuité : la diversité méthodologique foucaldienne*. Connaissances et savoirs, Paris.

Foucault, M., 1984. *L'usage des plaisirs. Histoire de la sexualité, tome II*, Gallimard, Paris.

Foucault, M., 1971. *Les mots et les choses*. Gallimard, Paris.

Foucault, M., 2001. *Dits et écrits, tome I*. Gallimard, Paris.

Foucault, M., 2008. *Le gouvernement de soi et des autres*. Gallimard/Seuil, Paris.

MacIntyre, A., 1981. *After Virtue*. Notre Dame, University of Notre Dame Press.

McRobbie, A., 2005. *The Uses of Cultural Studies, A Textbook*. Sage, London.

Nietzsche, F., 1977. *A Nietzsche Reader*, Harmondsworth, Penguin.

Oswell, D., 2006. *Culture and Society: An Introduction to Cultural Studies*. SAGE Publications, London.

Popper, K., 1957. *The Poverty of Historicism*, The Beacon Press, London.

Taylor, C., 1989. "The Diversity of Goods". In: Stanley G.Clarke and Evan Simpson (edited). *Anti-theory in Ethics and moral conservatism.* State University of New York Press, Albany.

Walton, D., 2008. *Introducing Cultural Studies*, *Learning through Practice*, Sage, London.

## ژێدەرەکان

[i] بۆ نموونە نوسەران و پیشەوەرانی بواری چاپ گازندەیان لەسەر ئەوەیە کە زۆرینەی چاپخانەکانی کوردستان کۆنن و لەگەڵ ستانداردەکانی سەردەم تەبا نیین؛ لە هەرێمی کوردستان زۆرینەی بەرهەمەکان لە دەرەوەی وڵات چاپ دەبن:
https://www.wishe.net/details.aspx?=hewal&jmare=61565&Jor=5
هەندێک ئاکادمیست و مامۆستا سەرهەڵهەڵدانی سانسۆر بە نیشانەی خراپی پاشەکشێیە دەبینن وەک فەرهاد شاکەلی:
https://www.peyserpress.com/wtardetail/577
ناوەڕۆکی لاوازی زۆرینەی کەناڵە ئاسمانیی و ناوخۆییەکان بابەتی گلەیی ئەهلی کلتورە، وەک ئەوەی سەنتەری میترۆ:
https://www.metroo.org/dreja.aspx?=hewal&jmare=2716&Jor=1
لەسەر سایتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان هیچ ئامارێک بوونی نییە؛ تەنها شتێک کە بوونی هەیە ڕووپێوویەکە:
https://gov.krd/mocy/publications/%D8%B1%D8%A7%D9%BE%DB%/86%D8%B1%D8%AA%DB%95%DA%A9%D8%A7%D9%86

[ii] : بڕوانە. Bernard, 1989: 65

[iii] لەم ڕوانگەیەدا، سەرەڕای جیاوازی بنەما فەلسەفییەکان، لێکچوونێکی باش بەنسبەت مێژووەوە بەدی دەکرێت لای هەندێ بیرمەند، لای کەسانی وەک: میشێل فوکۆ، فرێدریک جەیمسۆن، هایدن وایت، رابێرت نسبیت، بیڤێرلی سۆتگەیت، پۆل ریکۆر و تەنانەت کارل پوپێریش.

[iv] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: Dastooreh, 2016.

[v] لەسەر گرفتی ئاماژەدان بە سەرچاوەی ئەم هەستەی کە ئێمە ناوی ترۆمای سڕانەوەی لێ دەنێین خاڵێک شایانی باسە. بوونی هەرجۆرە سەرچاوەیەک کە ئاماژە بێت بەم هەستە زۆر زەحمەتە. لەناو بیرەوەرییەکاندا کە تاکو ئێستا نووسراونەتەوە، هەمووی گێڕانەوەی ڕووداوەکانە و تاکو ئێستا شتێکمان دەست نەکەوتووە کە مێژوونوسینێک بێت بە ئاماژە بە هەست و سۆزەکانی ئەو سەردەمانە؛ هیچ وەسفێکی ڕۆحی-دەروونیی مرۆڤی ئەو سەردەمە لە دووتوێی پەرتووکێکی مێژووییدا بەدی ناکرێت. ئەمە خاڵێکی لاوازی هەموو ئەو بیرەوەری و کتێبە مێژووییانەیە کە تاکو ئێستا لە پەرتووکخانەی کوردیدا بەردەستن؛ ئەمە کارێکی مێژوویی تۆخە نیشان بدرێت کە تاکی کورد لەو ساڵانەدا چۆن سەیری ڕووداوەکانی کردووە؛ تەنها گێڕانەوەی خودی ڕووداوەکان کافی نیین. بۆ ئاماژە بەم جۆرە هەستانە، ئێمە لێرە تەنها بە شێوازی ڕاستەوخۆ و تا ڕادەیەکی زۆرتر ناڕاستەوخۆ دەتوانین ئاماژە بە هەندێ سەرچاوەی ئەدەبی بدەین.